# ROJI GEL گرۆژی گه‌ل

هه‌فته‌نامه‌یه‌کی سیاسی رۆشنبیری گشتییه، حزبی رزگاریی کوردستان ده‌ری ده‌کات

ژماره (192) یه‌كشه‌ممه 19/٨/٢٠٠٧


## کرۆکەر: کشانەوەمان سەرکەوتنی ئێران دەگەیەنێ

رایان کرۆکەر باڵیۆزی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بەرۆژنامەوانانی راگەیاند کە ئەگەر ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشینەوە رێگە لەبەردەم سەرکەوتنەکانی ئێران لە عێراق دەکرێتەوە و زۆرتریش هەرەشە لە بەرژەوەندەکانی ئەمریکا دەکات.

کرۆکەر تارانی بەوە تۆمەتبار کرد کە گوشار لە حکومەتی نوری مالکی دەکات و دەیەوێ بەشێوازێک لە شیوازەکان کۆنترۆڵی بکات!! بەڵام تاران ئەو تۆمەتانە رەت دەکاتەوەو بە بێ بنەمایان دادەنێ.

رایان کرۆکەر کە لە گرین زۆنی شاری بەغداد دا قسەی بۆ رۆیتەرز کردووە، گوتوویەتی: ئەگەر سەرکردە دەیەوێ لە رێگەی جیاواز براو، ئەرکی منە کەم قسە بکەم،بەڵام دەبێ هەموو لایەک بزانن کە کشانەوەی هاوپەیمانان لە عێراق دەبێتە هۆی پێشکەوتنێکی گەورەی ئێران کە ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەمریکا دانیە و ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە.


3 ل راگەیاندراوی کۆتایی پلینۆمی حزبی رزگاریی کوردستان

4 ل دەبێ ژنان ئیرادەی ئەوەیان هەبێ لەبەرانبەر کێشەکان رابوەستن

5 ل خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەگەری هێرشی تورکیا بۆسەر کوردستان

6 ل سەبارەت بە مافە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان


# بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی فێرکاری سکاڵا لەدژی بڵاوکراوەکان تۆمار دەکات

دوای ئەوەی نامەیەکی کراوە بەناوی ژمارەیەک لە پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر لە ماڵپەڕەکان و هەندێ رۆژنامەدا بڵاوکرایەوە و باس لەوەکرا کە بە بەهای ٣٠ هەزار دۆلار کەلوپەل و ئامێری پزیشکی لە بەشی شکستی نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر دیار نەماوە، بەڕێوەبەریتی نەخۆشخانەی فێرکاری ئەم هەواڵەی بە درۆ خستەوەو سکاڵای لە دژی ئەو بڵاوکراوانەدا تۆمارکرد.

پزیشکان و کارمەندانی بەشی شکستی نەخۆشخانەی فێرکاری رایانگەیاندبوو کە ئامێرێکی (نازور المفاسل) دیار نەماوە، بەڵام دکتۆر **سەدرەدین شەمسەدین** بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکاری لە دیدارێکی پەیامنیری هەفتەنامەی **رۆژی گەل** دا ئەو تۆمەتانەی رەت کردەوەو رایگەیاند کە ئامێرەکە بە بەهای شەست هەزار دۆلار کڕاوە، کاتی خۆی چونکە ئیشمان پێنەبوو، لە کۆگە هەڵگیرابوو، لەوێ هەندێک پارچەی دیارنەمابوو، ئێمەش لیژنەیەکمان پێکهێنا و هەر لەنێو کۆگەکەدا دۆزرانەوە، بەڵام هەندێک کەس کە کاتی خۆی لەبەر هەندێ هۆ لە کۆگەکە دوورخراونەتەوە ئەو بەیاننامەیەیان بڵاوکردۆتەوە، ئێمەش سکاڵامان لەدژی ئەوان و ئەو بڵاوکراوانەش تۆمار کردووە کە وەک هەواڵ بڵاویان کردۆتەوە.

دکتۆر سەدرەدین دووپاتی کردەوە کە پێشینەو داهاتی بلیت فرۆشتن بە ئامار بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرزکراونەتەوەو گەندەڵییان تێدانەکراوە.

ناوبراو لە رێگەی رۆژی گەلەوە جەماوەری کوردستانی دڵنیاکردەوە کە شتی لەو بابەتە لە نەخۆشخانەی فێرکاری رووی نەداوە، هەواڵەکەش بۆ ناوزڕاندنی بڵاوکراوەتەوە، بۆیە لە رێگەی دادگەدا مافی خۆمان وەردەگرینەوە.



## عەبدوڵڵا گوول بۆ ئەوەی پۆستی سەرکۆماری وەربگرێ هاوار بۆ کورد دەبات

**هەواڵەکان:** عەبدوڵڵا گوول کاندیدی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا سەردانی ناوەندی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیکی کرد و داوای پشتیوانی و دەنگدانی لە پارلەمانتارانی کورد کرد.

کاتژمێر ی رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ٦-- عەبدوڵڵا گوول، کاندیدی پارتی دادو گەشەپێدان AKPبۆ پۆستی سەرکۆماری تورکیا کە زۆرینەی کورسیەکانی پارلەمانی ئەو وڵاتەی بەدەست هێناوە سەردانی ناوەندی DTPکرد، بۆ ماوەی ٥ خولەک لەگەڵ نورەدین دەمیرتاش و سەلما ئەرماک، هاوسەرۆکانی کاتی DTP و ئەحمەد تورک، سەرۆکی فراکسیۆنDTP لە پارلەمانی تورکیا کۆبۆوەو و داوای لێکردن کە پشتیوانی لێبکەن و دەنگی پێبدەن.

دوای کۆبوونەوکە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا عەبدوڵڵا گوول بە لێنیدا کە ئەو سەرکۆماری هەموو هاوڵاتیانی تورکیا دەبێ، نێوانی لەگەڵ هەموو لایەنەکەندا هاوشێوە دەبێ. ناوبراو گوتی: پێویستە گیانی برایەتی و ئاشتیخوازی و یەککگرتووی پێرەو بکەین.

جێگەی ئاماژەیە کە DTP بڕیاری داوە پشتیوانی لە گوول بکات، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە DTPداخوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر پارلەمانتارە کوردەکان کێشەی سازکردنی بەنداوی "ئیلی سوو" کە شاری مێژوویی "حەسەن کێف" وەژێر ئاو دەخات، مەسەلەی گۆشەگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دورگەی ئیمرالی و نالەباری رەوشی ناوچە کوردیەکان ببەنە ناو پەرلەمان ئەوکاتە پەرلەمانتارانیAKP دەبێ نەرمی بنوێنن و لە دژیاندا رانەوەستن.

چاودێران سەردانی گوول بۆ لای کوردان بە واتای هاواری سیاسی لێکدەنەوەو پێیانوایە ئەگەر کورد پشتیوانی لێنەکەن بە ئاواتی خۆی ناگات.

## ئاسیا سێل لە شارەکانی هەولێرو دهۆک دەست بەکار دەکات

دوای ئەوەی رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە مەزادێکی ئاشکرادا کە لە شاری عەممانی پێتەختی ئوردن بۆ کۆمپانیای مۆبایل لە عێراق دا بەڕێووەچوو هەریەکە لە ئاسیا سێل و کۆڕەک تەلەکۆم و ئەلئەسیر مەزادەکەیان بردەوە، بەوهۆیەوە بۆندەی ١٥ ساڵەیان واژۆکرد کە هەموو شارەکانی عێراق دەگرێتەوە.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا رۆژی ١٨-٨-٢٠٠٧ **سوار ئەحمەد** بەرپرسی پەیوەندیە گشتییەکانی کۆمپانیای ئاسیا سێل بە هەفتەنامەی رۆژی گەل ی راگەیاند کە بەم زووانە دەچینە هەولێرو دهۆک تاوەکو بتوانین هێڵەکانمان لەوێ بەئیش بخەین.

سوار ئەحمەد دووپاتی کردووە کە لەماوەیەکی نزیکدا ئاسیا سێل لە شارەکانی هەولیرو دهۆک وەردەگرێ، بەڵام ئامادە نەبوو کاتەکەی دیاری بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرفتانەی کە پێشتر لەنێوان هەردوو کۆمپانیای کۆڕەک تەلەکۆم و ئاسیا سێل دا هەبووە، کۆڕەک بە پشتیوانی حکومەت رێگەی بە ئاسیا سێل نەدەدا

## فڕۆکەکان لە رێگەی بێروتەوە بۆ کوردستان دێنەوە

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە لەمەوبەدوا فڕۆکەکانی کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی سوید لە رێگەی فڕگەی بێروتەوە گەشتەکانی خۆیان بۆ شارەکانی کوردستان دەست پێدەکەنەوە.

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە رێککەوتن لە نێوان کۆمپانیاکانی سویدی و هێڵی ئاسمانی عێراق و لوبنان دا کراوە، ئەوان سەرنشینەکانیان لە فڕگەی ئارلەندای شاری ستۆکهۆڵمەوە بۆ فڕگەی بێروت دەگوازنەوە، لەوێشەوە فڕۆکەی عێراقی یان لوبنانی سەنشینەکان بۆ فڕگەی هەولێر دەگوازنەوە. بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوەیە هەفتەی رابردوو بەو شێوەیە گەشتەکانی نێوان ستۆکهۆڵم و هەولێر دەستی پێکردۆتەوە، واش چاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتوویێکی نزیکدا گەشتەکان بۆ فڕگەی شاری سلێمانیش دەست پێبکەنەوە.

جێگەی ئامـاژەیە دوو هەفتە لەمەوبەر فڕۆکەوانێکی هێڵی ئاسمانی نۆردیک ئێر کە لە سلێمانیەوە بەرەو ستۆکهۆڵم بەڕێ کەوتبوو، بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە هێرشی کراوەتە سەرو پەلامار دراوە، بەڵام لایەنە پەیوەندداەکانی کوردستان ئەوەیان رەتکردەوەو دواتریش رایانگەیاند کە ئەو ئاگرەی کە فڕۆکەوانەکە بینیویەتی هی چرای دەستی راوچیەکانی شاخەکان بووە.

بەمەبەستی ئەوەی هێڵە ئاسمانیەکانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپا گەشتەکانی خۆیان بۆ شارەکانی کوردستان رانەگرن، هێزە هاوپەیمانەکان بەڵێن بە فڕگەکانی کوردستان دەدەن کە باشتر چاودێری بکەن، داواشیان کە هێڵە ئاسمانیەکان کردووە کە کێشەکە گەورە نەکەنەوەو گەشتەکانی خۆیان دەست پێبکەنەوە.

## رۆژەڤ

ریکەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچەندە سەرچاوەی لە بەرژەوەندی هاوبەشدا گرتووە، بەڵام لەبەرژەوەندی گشتی دایە، ئومێدی دیکەشی بە خەڵکی کوردستان بەخشیووە و بەشێک لەو مەترسیانەشی دوورخستۆتەوە کە باسیان لە نوێبوونەوەی ململانێکان دەکرد، چونکە لە شازدە ساڵی رابردوودا ململانێ و شەڕی نێوان ئەو دوو لایەنە گورزی کاریگەری لە پارلەمان و حکومەتی هەرێم و دۆزی رەوای گەلەکەمان و بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەی کوردەواری دابوو، دیوارێکی ئەستووری لەبەردەم بە جیهانی کردنی کێشەکەمان دانابوو، بۆیە رێککەوتنی ستراتیژی نێوان ئەو دوولایەنە ئەگەر پانتایی ئازادی سیاسی و رۆژنامەوانی بەرتەسک نەکاتەوە خزمەتێکی گەورە بە داهاتووی نیشتمان دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە هاوپەیمانی دوو قوڵی نێوان کوردو شیعە کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بنیات نراوە، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکاتەوە، ئەمەش خزمەت بە پرسی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دەکات کە پرسێکی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی ئێمەیە، ئەگەر ئەو کێشەیە یەکلایی بێتەوە ئاسۆی داهاتووی گەیشتن بە سەربەخۆیی روووناکتر دەبێتەوە.

رێککەوتنی نێوان کورد و شیعە کە بە هاوکێشەی پشتیوانیکردنی حکومەت لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا لێکدەدرێتەوە، تەمی ئەو گریمانانەش دەرەوێنێتەوە کە جاران لەبەرانبەر خەمساردی لە پرسی کەرکوک دا بە تەنیا حکومەتی ناوەندی تۆمەتبار دەکرا. ئەگەر هەردوو کابینەی جەعفەی و مالکی، واتە کابینەکانی حزبی دەعوە بە ئەنقەست کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەیان جێبەجێ نەکردبێ و رووبەڕووی رەخنەو گلەیی بووبنەوە، ئێستا حزبی دەعوە بۆ مانەوەی لە دەستەڵات ناچارە ئاوڕێکی خێرا لە پرسی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەدا بداتەوەو خەمی جێبەجێکردنی بخوات.

ئەگەر ئەمجارەشیان خەمساردی نواندو خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دزیەوە، دەبێ کوردستانیان رەخنەو گلەیی و گازاندەکانی خۆیان رووبەڕووی هەردوو لایەنی کوردستانی بکەن کە حکومەتی بەغدادیان لە رووخان رزگارکردووە.

ئەگەر شیعەکان و حزبی دەعوە پەلە لەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نەکەن و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا یەکلایی نەکەنەوە، واتای ئەوەیە کە جاریکی دیکەش یاری خاپاندنمان لەبەرانبەردا کراوە، ئیدی ئێمەی کوردیش تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنتەوە کە لێی بکشێینەوەو دژایەتی بکەین.

هەرچەندە کە بەختی تەمەندرێژی حکومەت لاوازە، بەڵام دیسانیشەوە دەرفەتێک بۆ کوردستانیان هاتۆتە پێش تا شێلگیرانە کار بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندەکانی خۆیان بکەن، دەنا بادانەوە بەلای سوننە کارەساتەکان دووپات دەکاتەوە.

## سوریا بای یەک ملیار دۆلار چەک دەکڕێ

**هەواڵەکان:** حکومەتی سوریا بڕیاری داوە بای نۆسەد ملیۆن دۆلار چەکی پێشکەوتوو لە روسیا بکڕێ. هەروەها دوو بەندەری خۆی بە کرێ بە روسیا دەدات، ئەمەش ئەمریکاو ئیسرائیلی نیگەران و تووڕە کردووە.

زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە روسیا پێگەی موشەکی لە بەندەرەکان دادەمەزرێنێ، ئەمەش وەکو وەڵامێکە بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا کە دەیەوێ بنکەی موشەکی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپادا دابمەزرێنێ.

جێگەی ئاماژەیە کە روسیاو ئێران و سوریا لە هەوڵەکانی ئەمریکا نیگەرانن.

